# کێشەی بازنەکانی هەڵبژاردن لە عێراق

07-09-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** هەڵبژاردنە پێشوەختە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق کە وابریارە لە نێوەڕاستی ساڵی داهاتوودا بکرێت، چەندەی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی عێراق بێت، ئەوەندەش مەترسیی هێنانە ئارای گرفتی گەورەگەروەی سیاسی و ئیداریی لێدەکرێت. بەشێکی ئەمەش پەیوەندی بە یاسای نوێی هەڵبژاردنەوە هەیە کە پێشبینی دەکرێت تاڕادەیەکی زۆر نوێ بێت و لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی باودا لە عێراق ناکۆك بێت و ئەستەم بێت کە بتوانێت خاڵی یەکلاکەرەوەی گرفتەکان بێت.

RRC |

د.هەڵمەت غەریب-

راوێژکار لە ناوەندی لێکۆلینەوەی رووداو|

دەستپێك

هەڵبژاردنە پێشوەختە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق کە وابریارە لە نێوەڕاستی ساڵی داهاتوودا بکرێت، چەندەی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی عێراق بێت، ئەوەندەش مەترسیی هێنانە ئارای گرفتی گەورەگەروەی سیاسی و ئیداریی لێدەکرێت. بەشێکی ئەمەش پەیوەندی بە یاسای نوێی هەڵبژاردنەوە هەیە کە پێشبینی دەکرێت تاڕادەیەکی زۆر نوێ بێت و لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی باودا لە عێراق ناکۆك بێت و ئەستەم بێت کە بتوانێت خاڵی یەکلاکەرەوەی گرفتەکان بێت. ئەو ململانێ سیاسیە توندەی لەسەر یاساکە هەیە لەسەر ئەرزی واقعیش هەمان ململانێ دەهێنێتە کایەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەستەمە بتوانێت پرۆسەی سیاسی بخاتە سەر راستەڕێیەك کە هیچ نەبێت لانیکەمی داخوازییەکانی شەقام بێنێتە دی. لەوانەیە دەرفەت نەبێت تەواوی مەترسیەکان لێردا بخەینەڕوو بەڵام، ئەوەی مەبەستە شیکردنەوەی ئەگەرەکانی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن و سیستەمی هەلبژاردنەکانە کە دەرئەنجامی جیاواز بەدەستەوە دەدات. ئەو پیشنیارانە کە مەترسین بۆ سەر دیموگرافیای سیاسی لە عێراق بەگشتی و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و هەندێ ناوچەی تری دەشتی نەینەوا کە پێکهاتە ئایینی و ئتنیە بچوکەکانی لێ نیشتەجێن.

**بژاردەکان و مەترسییەکان**

یاسای هەڵبژاردنەکانی 2019 کە لە مانگی 12ی ساڵی رابردوودا پەسەند کرا بەنیوە و ناچڵی بەجێهێڵراوە بۆ تەوافق و لیکتیگەیشتنی نێوان هێزە سیاسیەکان دەربارەی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لە سەرانسەری عێراق. ئێستا لە لیژنەی یاسایی پەرلەمان زیاتر لە پێشنیارێك کراوە بۆ دابەشکردنی بازنەی هەڵبژاردنەکان بۆ هەریەکێك لە بازنەکان. ئەوانەش مەترسی خۆی هەیە بەڵامم ئەوە لێرە باسی دەکەین مەترسییەکانی بۆ سەر کورد وکەمینەکانی دیکەیە لە عێراقدا کە بەمجۆرەن:

1-بژاردەی یەکەم: بریتیە لە دابەشکردنی کورسییەکان لەسەر بنەمای هەر (100000) کەسیك بۆ کورسیەك. ئەم پێشنیارە ناتوانێت دادپەروەری لە هەڵبژاردنەکاندا بەدیبهێنیت. لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر ناوچەیەك یان قەزایەك کەمتربوو لەو ژمارەیە، بە ناچاری دەبێت لەگەل ناوچەیەکی نزیك لەخۆی یان قەزایەکی دیکەی هاوسنووری یەکبخرێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی فەوتانی دەنگێکی زۆری پێکهاتەی کورد لە ناوچە کێشە لەسەرەکان. بۆ نموونە قەزایەکی وەك دووز خورماتوو ژمارەی دانیشتوانەکەی ناگاتە ئەو ژمارەیە، لەبەرئەوەش دەخرێتە پاڵ قەزایەکی هاوسنووری کە عەرەب نشینە و دەنگی پێکهاتەی کوردیش  بۆ کاندیدی عەرەبی دەڕوات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی هەرەزۆری ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئاوارەن و بەهۆی رووداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017 وە تا ئێستا بڵاوەیان کردووە و نەچونەتەوە ناوچەکانی خۆیان و بە رەسمی وەکوو ئاوارەیش دیارینەکراون. سەرباری ئەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە لەڕووی کارگێڕی و ئەمنیەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەبار نیە. ئەمە بۆ پێکهاتەیەکی وەك کرستیانەکان لەسنوری دەشتی نەینەواش راستە. بۆیە ئەستەمە ئەم پێشنیارە بتوانێت عەدالەت بەدیبهێنێت و نوێنەرایەتییەکی راستەقینە بەدیهێنیت.

2-بژاردەی دووەم یەك بازنەیی لەسەر ئاستی پارێزگاکان: ئەمەش هاوشێوەی خولەکانی رابردوو گرفتی خۆی هەیە و ناتوانێت نوێنەرایەتی ناوچە دووردەستەکان مسۆگەر بکات بەڵکو، کاندیدی شارە گەروەکان سەردەخات و لەوانەیە هیچ ناوچەیەك جگە لەسەنتەری شارەکان نوێنەریان نەگاتە پەرلەمان، بەتایبەت پاش کەمکردنەوەی ژماری ئەندامانی پەرلەمان. بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە لەوانەیە ئەوەندە گرفتێکی گەورە نەبێت بەڵام، بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی گرفتی راستەقینەن. بۆنموونە لە پارێزگایەکی وەك نەینەوا ئەستەمە خەڵکی مەخمور لە چوارچێوەی یەك بازنەییدا لە پارێزگای نەینەوا بە ئاسانی نوێنەریان بۆ پەرلەمان دەربچێت.

3-بژاردەی سێیەم بریتیە لە فرەبازنەیی لەسەر ئاستی پاریزگاکان: ئەم پێشنیارە تاڕادەیەکی باش دیموکراتییانەترە لە پیشنیارەکانی دیکە. چونکە قەزا و ناحیەکان و ناوچە جۆراوجۆرەکان دەزانن دەنگ بەکێ دەدەن. بەلام لێرەدا دووبارە گرفتی ژماری دانیشتوانی قەزاکان سەرهەڵدەداتەوە کە رێگرییەکی گەورەیە لەبەدیهینانی عەدالەتی هەڵبژاردن. ئەم گرفتە تەنها بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم مەترسی نیە بەڵکو بۆ سەرانسەری عێراق و ناوچە سوننەنشینەکانیش هەمان شتە.

4- بژاردەی چوارەم بریتیە لەیەك بازنەیی لەسەر ئاستی وڵات: هەرچەندە ئەم پێشنیار و بژاردەیە دوورە لەوەی پەسند بکرێت، چونکە زۆربەی هەرە زۆری کوتلە پەرلەمانیەکان دژی دەردەکەون لەبەر ئەوەی، پارتە گەورەکان ناچار دەکات لە هەموو شوێنیکی وڵات کاندیدی خۆیان هەبێت. هەرچەندە عێراق لەسەرەتاوە یەك بازنەی هەڵبژاردن بوو، واتە ئەم دۆخەی ئێستا تاڕادەیەك بەرهەمی یەك بازنەیی هەڵبژاردنەکان بوو. ئەم بژاردەیە بۆ کورد باشترە چونکە کەمترین دەنگی پیکهاتەکان بەفیرۆ ئەچێت بەلام تاڕادەیەکی زۆر دوورە لە واقعی ئێستای عێراق.

**دەرئەنجام**

پێش ئەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان پەسەند بکرێت و یەکێك لەو بژاردانە بکرێتە سیستەمی هەڵبژاردن و پاشکۆکەی پەسەند بکرێت، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دوو شت بکات :

یەکەمیان هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتە کار کە پێش سەری ساڵ باری نائاسایی ناوچە کێشە لەسەرەکان یەکلایی بکاتەوە و کۆتایی بەو بارە سەربازییە بهێنرێت، تاوەکو دەرفەتی هەڵبژاردنێکی بێگەرد بڕەخسێندرێت. پێویستە پارتی و یەکێتی گرفتی پاریزگای کەرکوك لەنیوان خۆیاندا و لەگەل بەغدا یەکلایی بکەنەوە ئینجا بچنە هەڵبژاردنەوە .

دووەمیان هەوڵبدەن بۆ ئەوەی کە لە ئێستادا دەسکاری بازنەی هەڵبژاردنەکان نەکرێت، چونکە دەبێتە هۆی بەفیرۆدانی دەنگێکی زۆری کورد لە کەرکوك و نەینەوا و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.